هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالى والبحث العلمى
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

No: ژمارە: ٣٢٥
Date: ڕێکەوت: ٤ / ٣ / ٢٠٢٠ ی زایینی
/ / ٢٧١٩ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی - نهێنی دەرکردە

نهێنی

**بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرین: نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**نووسینگەی بەڕێز ی.سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا**

**ب/ پەسەندکردنی ئەنجامی بەرایی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر**

**ڕێز و سڵاو...**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٣٤٤/٢٩/٧) لە (٢٠٢٠/٢/٢٤) دەربارەی ئەنجامی بەرایی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەری زانکۆتان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، پاڵپشت بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٣) ئەنجامدرا، پێتان ڕادەگەیەنین کە دوایین ئەنجامی بەرایی خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەری زانکۆتان کە بۆمان ڕەوانە کراوە پەسەندە بە پێی پلانی زانکۆتان، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١. ماوەی (٣) سێ ڕۆژ بۆ تانەگرتن دابندرێت و دواتر لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتەوە وردبینی تانەکان بکرێت و لە پاشاندا ئەنجامی کۆتایی بۆمان ڕەوانە بکەن بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٢. پێویستە زانکۆتان پابەند بێت بە پلانی پێشنیارکراوی زانکۆتان کە لە لایەن وەزارەتەوە پەسەندکراوە و ئەنجامەکان لەسەر بنەمای پلان داڕێژرابێت و بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری لە پلان ناکرێت و کورسی خوێندن زیاد ناکرێت و هەروەها کورسی بەتاڵیش پڕ ناکرێتەوە.

٣. پاڵپشت بە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر ، بە هیچ شێوەیەک کێرڤ نادرێت لە نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و دەستکاری نمرەی تاقیکردنەوە ناکرێت و نمرەکان (جبر) ناکرێت.

**بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێی ڕێنماییەکان. لەگەڵ ڕێزدا..**

**د.ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرین - هاتوو - ژمارە: ٣٤١ - بەروار: ٤/٣/ ٢٠٢٠

**وێنەیەک بۆ:**

*نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
*نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
*فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
*بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
*دەرکردە/خولاو.